

10

### له دیمانەیەکی تایبەتدا بۆ (گوڵان):
### (زیکۆ) ئەستێرەی تۆپی پێی جیهان و راهێنەری ئێستای هەڵبژاردەی عیراق:

# پیلێە موعجیزەی مێژووی تۆپی پێی جیهانییەو هەرگیز دروست نابێتەوە



• پەیامنێری گوڵان و زیکۆ

لەجیهانی وەرزشـــدا بەتایبەتی لە یاری تۆپی پێدا کاتێك باسی بلیمەتەکانی تۆپی پێ دەکەین دەبێ باس لە یاریزانانی سەرگەرمی تۆپی پێی بەرازیلی بکەین، بەهیچ شێوەیەك نکۆڵی لەوە ناکرێت یاریزانانی بەرازیل هەردەم لەپێشەنگی هەموو یاریزانانی جیهان بوون لە لێهاتووی و ئاســت بەرزی و بەخشـــینی تام و چێژ و خۆشی بەهاندەرانی تۆپی پێ لەسەرتاســـەری جیهان، هەر ئەوەش بۆتە هۆکاری ئەوەی بەرازیل بەیاریزانەکانیەوە ببنە بابەتی سەرەکی سەرتاپای میدیاکانی جیهان، لەناوەڕاستی سەدەی رابردووەوە تا ئەمڕۆ واتە لەگەڵ سەر هەڵدانی سەردەمی گەوهەری تۆپی پێی بەرازیلی پیلی، بە بەردەوامی ئەســـتێرەکان لە وڵاتـــی بەرازیل کۆتایی نایەت لەکۆتایی حەفتاکانی ســـەدەی رابردوو یاریزانێکی ســـپی پێســـت لەناو کۆمەڵێك یاریزانی رەش پێستی بەرازیلی بەدیار کەوت دواتر بووە بەشێك لە پێکهاتەی خەونەکانی هەڵبژاردەی بەرازیل لە ماوەی نێوان ساڵانی ١٩٧٨-١٩٨٦، کەتوانـــی خۆی بســـەلمێنێت وەك یەکێك لە باشـــترین یاریزانانی مێژوو لەشوێنەکەی خۆی، مەبەستمان پیلی سپی (زیکۆ) یە، زیکۆ یاریزانێکی بێ هاوتا بوو لە جووڵانەوە لەناو یاریگا و کەمترین هەلی بۆ رەخسابوایە گۆڵی تۆمار دەکرد، هەربۆیە زوو نازناوی پیلی سپیان پێ بەخشی، بەڵام ئەو وەك وەفایەك بۆ لێهاتوویی پیلی رەسەن پێی وایە پیللی دووبارە نابێتەوە لە هیچ کات و مێژوویەکدا چونکە پیلی تەنها یەك جار بەدیار کەوت و یەکجاریش دەدرەوشێتەوە، زیکۆ یەکێکە لەوانەی بەدڵسۆزی بۆ وڵاتەکەی کار دەکات و هـــەردەم راوێژوو ئامۆژگاریەکانی لـــێ وەردەگیرێت بۆ ئەوەی تۆپی پێی بەرازیل لەپێشەنگی هەڵبژاردەکانی تری جیهان بێت.

جێگای شانازییە بۆ گۆڤاری گوڵان وەك یەکەم گۆڤاری کوردی چاوپێکەوتنێك لەگەڵ زیکۆ ساز بدەین.

**گوڵان - قەتەر**



***قۆناغەکانی ژیانی وەرزشـیت چۆن دەست پێکرد؟**

-هەر لـە منداڵییەوە ئەو کاتـەی تەمەنم ٧ ساڵان بوو لەسەر شەقامەکانی ریودیۆجانیرۆ یاری تۆپی پێم دەکرد، کە تەمەنم گەیشـتە ١٣ ساڵ یەکێك لە بێژەرە وەرزشییەکانی شاری ریودیۆجانیرۆ کە سـەیری یاریکردنی منی دەکرد و راستەوخۆ بردمیە یانەی فلامنگۆ بۆ ماوەی چوارساڵ وەکو یاریزان هەر لەم یانەیە یارییم کرد،توانیم لە ٦٣٧ یاریدا بەشداری بکەم و ٤٧٨ گۆڵم بۆ تۆمارکردن، دواترلە سـاڵی ٢٠٠٢ چوومە ژاپۆن بۆ یارمەتیدانی یەکێتی تۆپی پێی ژاپۆن لەوێ لە پاڵ یاریکردنم وەکو یاریزان راهێنەریش بووم .

*** بۆچی پێوەندییت بە هیچ یانەیەکی دیکە نەکرد بێجگە لە فلامینگۆ؟**

- من یەکێك بووم لە هاندەرە سـەرەکییەکانی یانەی فلامینگۆ و هەروەها هەموو ئەندامانی خێزانەکەم هاندەری سەرسـەختی ئەو یانەیە بوون بۆیە نەمتوانی ئەم یانەیە جێبهێڵم.

*** کێ نازناوی پێلێی سپی لە تۆ ناوە؟**

- رۆژنامەیەکـی فەرەنسـی نازناوی پێلێی سـپی لەمن ناوە، بەڵام بەداخەوە من حەز لەم نازناوە ناکەم، هـەردەم حەزدەکەم جەماوەر بە زیکۆ بانگم بکات، چونکە هیچ لێکچوونێك لە نێوان من و پێلێدا نییە،

*** بۆچی تا ئێستا یاریزانێك نەهاتووە شوێنی پێلێ بگرێتەوە یاخود لە پێلێ باشتر بێت؟**

- لەبەر ئەوەی پێلێ باشـترین یاریزانی تۆپی پـێ بوو لە مێـژووی تۆپی پێـی جیهان و تا ئێسـتا هیچ یاریزانێك نەهاتووە شـوێنی بگرێتەوە، راسـتە هەندێك جار دەیانگوت کە من جێگـرەوی ئەوم،هەرچەنـدە من خاوەنی چەند نازنـاوو ژمارەی پێوانەییم، بەڵام کەس ناتوانێت بگاتە ئاستی پێلێ.

*** کۆچی دوایی سـوقرات تـا چەند کاری لێکردیـت، چونکە یەکێك بوو لـە نزیکترین هاوڕێیانی تۆ؟**

- کۆچی دوایی سـوقرات تەنیا کاری لە من نەکرد، بەڵکو کاری لە گشـت هاندەرانی ئەم یاریزانە کرد، چونکە سـوقرات لە تەمەنێکدا کۆچـی دوایـی کرد کـە هێشـتا بچووك بوو،مردنەکەشـی بەهۆی جگەرەکێشـان و خواردنەوەی لە رادەبەدەر بوو.

***لەژیانی وەرزشـیتدا شانازی بە چ گۆڵێك دەکەیت؟**

- لە پاڵەوانێتی جامی جیهانیی یانەکان لەگەڵ یانەی فلامنگـۆ توانیم گۆڵێك بە فاوڵێکی راستەوخۆ تۆمار بکەم، ئەمە جوانترین گۆڵی منە و هەرگیز لە یادی ناکەم.

*** یاریکردنت لە خولی ژاپۆن بۆ چ مەرامێك بوو، ئایا بـۆ پارە یاخود بـۆ خزمەتکردنی وڵاتەکە بوو؟**

- لە هەر وڵاتێـك کارێك ئەنجام بدەم، فێری شـتێك دەبم، بۆیە یاریکردنم لە ژاپۆن ئەوان سـوودیان لە من وەرگرت و منیش سـوودم لێوەرگرتن،بەڵام ئەوان زیاتر.هەروەها ١٥ سـاڵ لـەم وڵاتە کارم کـردووە ئەمەش تەمەنێکـی زۆرە بۆیە ئەم وڵاتەشـم خۆش دەوێت.

*** تۆ خاوەن جەماوەرێکی زۆری لە جیهان و بە تایبەتی لە عیراق، چۆن دەڕوانیتە جەماوەر لە کاتی یارییەکانی هەڵبژاردەی عیراقدا؟**

- بەداخـەوە هەڵبـژاردەی عیـراق یارییـە فەرمییەکانـی لە دەرەوەی یاریگەی خۆی و بێ جەماوەر ئەنجـام دەدات، یەکێتیی تۆپی پێـی نێودەوڵەتی بڕیارێکی سـتەمکارانەی داوە،جەماوەرپێویسـتی بە بینینی یاریزانانی هەڵبژاردەکەی هەیە و بەچوونی خۆم بەهۆی ئەم مـاوە زۆرەش، یاریزانـی عیراق-یش لە یاریکردن بە بێ جەماوەر راهاتووە.

*** تۆ پەیوەندییەکی زۆر بەهێزت لەگەڵ فیفا یاخود لەگەڵ سەرۆکی فیفادا هەیە، بۆچی ئەم پەیوەندییەت نەقۆسـتەوە بۆ گەڕانەوەی یارییەکانـی هەڵبژاردەی عێـراق بۆ وڵاتی خۆی؟**

- ئەمە کارێکی سیاسـییە نەك وەرزشـی، سـەرۆك وەزیرانـی عێراق زۆر بە ئاسـانی دەتوانێت ئەم کێشـەیە چارەسەر بکات، بەڵام نازانـم بۆچـی هیچ هەنگاوێکـی نەناوە و هیوادارم چارەسەری ئەم کێشەیە بکات، چونکە پێویستمان بە ئامادەبوونی جەماوەر هەیە، بۆ نموونە لە یارییە دۆسـتانەکەی هەڵبژاردەی بەرازیل و عێراق ژمارەیەکی زۆر لە هاندەرانی عێراق ئامادەبوون، هەسـتم بەخۆشیەکی زۆر کرد کاتێك ئەم جەماوەرە زۆرەم بینی.



*** راسـتە، کـە لێدوانـت داوە، ئەگەر هەڵبژاردەی عێراق سەرنەکەوێت بۆ جامی جیهان بە یەکجاری واز لە راهێنەرایەتی دەهێنم؟**

- مـن بەهیچ شـێوەیەك ئـەم جۆرە لێدوانەم نەداوە، چونکە من نازانم ئایا دەتوانم هەڵبـژاردەی عێراق بگەیەنمە جامی جیهانی یان نا.ڕاستە من رۆژێك لە رۆژان بواری راهێنەرایەتی جێدەهێڵم، بەڵام نازانم کەی.

***کاتێك یاریزان بوویـت لە یانەی فلامنگۆ سـەردانی عێراقت کـرد و ئێسـتاش وەکو راهێنەر سـەردانت کرد جیاوازی لە نێوان ئەو کاتەوئێستادا چییە؟**

- ئەوکات، کە سەردانی عێراقم کرد زۆر خۆش بوو بەتایبەتی شـاری بەغداد، بەڵام ئێسـتا بەغداد زۆر دواکەتووە .

*** بۆچی مەشقەکانی هەڵبژاردەی عێراق لە هەولێر ئەنجام نادەیت؟**

- چونکە دەبێت هەڵبژاردە لە پایتەخت مەشقی خۆی ئەنجام بدات،بەڵام من هیچ کێشەیەکەم نییە کـە هەڵبژاردەی عێراق لە چ شـارێك مەشق بکات یاخود یاری ئەنجام بدات.

*** تـۆ ڕاهێنـەری چەنـد یانەیـەك و هەڵبژاردەیەکـی جیهانـی بوویـت، لەگەڵ کامەیان باشترین دەسـتکەوتت تۆمار کردووە کە هەرگیز لە یادت ناچێت؟**

- لە هەر شوێنێك مەشقم ئەنجام دابێت هەستم بە خۆشـی کردووە، بەڵام لە هەردوو ژاپۆن و تورکیا خۆم و خێزانەکەم هەستمان بەخۆشیەکی زۆر کرد.


**لە پاڵەوانێتیی جامی جیهانیی یانەکان لەگەڵ یانەی فلامنگۆ توانیم گۆڵێك بە فاوڵێکی راستەوخۆ تۆمار بکەم، ئەمەش جوانترین گۆڵی منە**

**رۆژنامەیەکی فەرەنسی نازناوی پێلێی سپی لەمن ناوە، بەڵام من حەز لەم نازناوە ناکەم، هەردەم حەزدەکەم جەماوەر بە زیکۆ بانگم بکات**

**لە هەر وڵاتێك کارێك ئەنجام بدەم، فێری شتێك دەبم، بۆیە یاریکردنم لە ژاپۆن ئەوان سوودیان لە من وەرگرت و منیش سوودم لێوەرگرتن،بەڵام ئەوان زیاتر**















*** سەبارەت بە هەڵبژاردەی بەرازیل، بۆچی رەخنەت لە یەکێتیی تۆپی پێی بەرازیل گرت، کاتێک مانۆ وەکو ڕاهێنەری هەڵبژاردەکە دەستنیشان کرا؟**

- من پشتگیری لە دەستنیشانکردنی ئەم ڕاهێنەرە دەکەم، وەکو ڕاهێنەری هەڵبژاردەی بەرازیل و توانی ئەنجامی باش بە دەستبهێنێت چ لە یانەی کۆرینتیانز یان لە گریمۆ، بەڵام من رەخنەم لە یەکێتیی تۆپی پێی بەرازیل گرت، کاتێك ئەوان مانۆ وەکو ڕاهێنەری یەکەمی هەڵبژاردەی بەرازیلی و ئۆڵۆمپی دەستنیشان کرد، دەبوایە ڕاهێنەرێکی دیکە وەکو ڕاهێنەری هەڵبژاردەی ئۆڵۆمپی دەستنیشان بکرابایە بۆ ئەوەی بتوانێت ئەنجامی باش بە دەستبهێنێت، یەکێك لە هۆکارە سەرەکییەکانی دەستنیشانکردنی مانۆ وەکو ڕاهێنەری هەڵبژاردەی بەرازیل بۆ بەڕێوەبەری یەکێتیی تۆپی پێی بەرازیل دەگەڕێتەوە، کە رۆژێك لە رۆژان سەرۆکی یانەی کۆرینتیانز بوو، کە ئەو کات مانۆ ڕاهێنەری ئەم یانەیە بوو. هەروەها دەمەوێت زانیارییەك ئاشکرا بکەم، بەهیچ شێوەیەك مانۆ پاڵێوراو نەبوو ببێتە ڕاهێنەری هەڵبژاردەی بەرازیل، مۆریسی ڕاهێنەری فلۆمینیسی پاڵێوراوی سەرەکی بوو، بەڵام نابراو ئامادە نەبوو ئەرکی ڕاهێنەرایەتیی هەڵبژاردەی بەرازیل وەربگرێت بۆیە ناچار بوون مانۆ وەکو ڕاهێنەری هەڵبژاردەکە دەستنیشان بکەن.

***ئایا نیمار دوارۆژی تۆپی پێی بەرازیلییە؟**

- نیمار یەکێکە لە باشترین یاریزانەکانی ئەم چەند ساڵەی رابردوو، ئەو شێوازێکی تایبەتی هەیە لە یاریکردن زۆر جیاوازە لە رۆناڵدینهۆ و ریڤاڵدۆ و رۆناڵدۆ، بۆیە هەڵبژاردەی بەرازیل سوودێکی زۆر لە نیمار وەردەگرێت.

*** وەکو کەسایەتییەکی بەناوبانگی جیهانی، کێ باشترین یاریزانە لە جیهان، میسی یان رۆناڵدۆ؟**

- هەردوو یاریزان هەمان ئاستیان هەیە، هەروەها هەردوو یاریزان توانیان هەموو نازناوەکان بە دەستبهێنن بۆیە هەردووکیان باشترین یاریزانن لە جیهاندا.

*** لە هەڵبژاردەی ژاپۆن کەسێکی تایبەت هەبوو، کە زانیاری بۆ دەهێنایت، ئایا لە هەڵبژاردەی عیراق ئەمە هەیە؟**

- ئەو کەسەی کە باسی دەکەیت، ئێستا یاریدەدەری ڕاهێنەری هەڵبژاردەی ژاپۆنە، ئەو تەنیا زانیاری و چۆنییەتی یاریکردنی یاریزانانی هەڵبژاردەکانی بۆ دەهێنام بۆ ئەوەی بتوانین شێوازێکی تایبەت بۆ یاریکردن جێبەجێ بکەین، ئێستا لە هەڵبژاردەی عیراق یاریدەدەرەکانم هەمان شت ئەنجام دەدەن، من سوود لە زانیارییەکانی ئەوان وەردەگرم و رێز لە بیروبۆچوونەکانیان دەگرم.

***ئایا زیکۆ دیکتاتۆرە؟**

- ئەگەر من دیکتاتۆر بم، ئەوە گۆڕانکارییەکی زۆر لە هەڵبژاردەی عێراق روویدەدا، ئەوپەڕی



**ئەوپەڕی دادپەروەری لەگەڵ یاریزانەکان بەکار دەهێنم و مافی هیچ یاریزانێك پێشێل ناکرێت و دوورخستنەوەی هەر یاریزانێکیش بۆ دابەزینی ئاستەکەی دەگەڕێتەوە**

دادپەروەری لەگەڵ یاریزانەکان بەکار دەهێنم و مافی هیچ یاریزانێك پێشێل ناکرێت و دوورخستننەوەی هەریاریزانێکیش بۆ دابەزینی ئاستەکەی دەگەڕێتەوە.

***ئایا لە کارکردنت لەگەڵ هەڵبژاردەی عیراقدا دڵخۆشیت ؟**

- هەتا ئێستا بەهیچ شێوەیەك دڵخۆش نیم لە کارکردن لەگەڵ هەڵبژاردەی عێراق و یەکێتیی تۆپی پێی عیراق، بەڵام لە دوا رۆژدا زۆر شت گۆڕانکاری تێدا دەکرێت ئەو کات رەنگە بۆچوونەکەشم بگۆڕدرێت.

*** خۆشترین خواردنت کە لە عیراق خواردووتە چییە؟**

- زۆر حەز لە خواردنی ماسی دەکەم و عیراقیش بە ماسی بەناوبانگە.

*** ئایا هاندەری بەرشلۆنەی یاخود ریال مەدرید؟**

- من هاندەری هیچ لەم دوو یانەیە نیم، من هاندەری یانەی فلامینگۆم.

دەتوانم بڵێم هەردوو یانەی بەرشلۆنە و ریال مەدرید لە باشترین یانەکانی جیهانن و هەریەکەیان جیاوازی و تایبەتمەندیی خۆی هەیە، راهێنەر مۆرینهۆ دەزانێت چۆن پلان دابنێت، بەشێوەیەك کە بگونجێت لەگەڵ شێوازی یاریکردنی یانەکەی بەهەمان شێوە گواردیولا هەوڵی دا تیپێکی بەهێز دروست بکات، بەڵام ئەگەر مۆرینهۆ راهێنەری بەرشلۆنە بێت و گواردیولا راهێنەری ریال مەدرید بێت ئەوە بەهیچ شێوەیەك ئەنجامەکان وەکو ئێستا نەدەبوون و گۆڕانکاری تێیدا دەکرا. بە بۆچوونی خۆم باشترین راهێنەری جیهان مۆرینهۆیە، چونکە بچێتە هەر یانەیەك مەشق بدات ئەوە پلانی یاریکردنی لەگەڵ شێوازی یاریکردنی یاریزانەکان دەگونجێت.

***ئایا زیکۆ سەیری خولی عێراق دەکات؟**

**یانەی هەولێر یەکێکە لە یانە بەهێزەکانی عیراق و خاوەن چەندین دەستکەوتی مەزنە و چەندین یاریزانی بەتوانای ئەم یانەیە لە ریزی هەڵبژاردەی عێراق یاری دەکەن**

- بەڵێ سەیری یارییەکانی خولی پلە نایابەکانی عێراق دەکەم، بەڵام دەتوانم بڵێم سوودێکی ئەوتۆی نییە، بۆیە سەیری یارییەکانی هەڵبژاردەکانی لاوان و تازەپێگەیشتووان یاخود تیپە لاوەکان دەکەم، بۆ ئەوەی بتوانم چەند یاریزانێکی لاو بانگهێشتی هەڵبژاردەکە بکەم.

***کاتێك کە وەزیری وەرزشی بەرازیل بوویت، چیت پێشکەش بەم وڵاتە کرد؟**

- دەرگایەکم کردەوە، کە دەبێت وەرزش بە دیموکراسی ئەنجام بدرێت، هەروەها دەرگای پیشەگەریم بۆ گشت یارییەکان بە تایبەتی بۆ تۆپی پێ کردەوە، کە دەبێت هەموو یەکێتیەکان و یانەکان پشت بەخۆیان ببەستن و ئێستا گشت یەکێتیە وەرزشییەکانی بەرازیل سوودیان لەمە وەرگرت و سەربەخۆن،

*** ئایا سەیری یانەی هەولێر دەکەیت و چۆن دەڕوانیتە ئاستی ئەم یانەیە لە جامی یەکێتیی ئاسیادا؟**

- یانەی هەولێر یەکێکە لە یانە بەهێزەکانی عیراق و خاوەن چەندین دەستکەوتی مەزنە و چەندین یاریزانی بەتوانای ئەم یانەیە لە ریزی هەڵبژاردەی عێراق یاری دەکەن و زۆربەی یاریزانەکانی ئێستای هەڵبژاردەی عیراق یاریزانی یانەی هەولێرن یاخود پێشتر لە ریزی ئەم یانەیە یارییان کردووە،هیوادارم ئەم یانەیە بتوانێت جامی یەکێتیی ئاسیا بە دەستبهێنێت بۆ ئەوەی مێژوویەکی نوێ بۆ تۆپی پێی عێراق تۆمار بکات.

*** چۆن دەڕوانیتە یارییەکەی عیراق و بەرازیل؟**

- حەز دەکەم باسی ئەوە بکەم، کە یارییەکەی بەرازیل و عیراق نە یاری دۆستانە بوو و نە یاری فەرمی بوو، بەڵکو یارییەکی مەشقی بوو، واتە من لەم یارییەدا بەهیچ پلانێك یاریم نەکرد و رێگەم بە یاریزانەکان دا بە سەربەستی یاری بکەن بۆ ئەوەی سوود لەم یارییە مەشقییە وەربگرن



## زیکۆ لە چەند دێڕێکدا

- ئارسەر ئەنتۆنیۆس کیومێرا
- لە ٣ی ئاداری ساڵی ١٩٥٣ لە ڕیۆدی جانیرۆی پایتەختی بەرازیل لە دایك بووە و ژیانی وەرزشـــی لەســاڵی ١٩٧١ لەگەڵ یانەی فلامینگۆ دەست پێکرد،لــە تەمەنی ١٤ ســاڵییەوە چۆتە نێو جیهانی یاریی تۆپی پێوە.
- لەم یانانەدا یاری کردووە:

-فلامینگو لە ١٩٧١- ١٩٨٣ ژمارەی یاری (٢١٢) ژمارەی گۆڵ (١٢٣)

-ئۆدینیـــزی لە ١٩٨٣- ١٩٨٥ ژمارەی یاری (٣٩) ژمارەی گۆڵ (٢٢)

-فلامینگو(دووەم جار) لــە ١٩٨٥-١٩٨٩ ژمارەی یاری (٣٧) ژمارەی گۆڵ (١٢)

-کاشـــیما ئینتلرەز لـــە ١٩٩١-١٩٩٤ ژمارەی یاری (٤٥) ژمارەی گۆڵ (٣٥)

- ڕاهێنەری ئەم یانانەو هەڵبژاردنانە بووە:

- ١٩٩٩ کاشیما ئینتلرەز

-٢٠٠٠-٢٠٠٢ سینتراو دی فوتبۆل

-٢٠٠٢-٢٠٠٦ ژاپۆن

-٢٠٠٦-٢٠٠٨ فنربەخشەی تورکی

-٢٠٠٨ بۆنیۆدکۆر

- ٢٠٠٩ سیسکا مۆسکۆی روسی

-٢٠٠٩- ٢٠١٠ ئۆلیمبیاکۆس

-٢٠١١(٢٨ی ئاب) هەڵبژاردەی عیراق وتا ئێستاش بەردەوامە

# هـــەولــێــر لە بەردەم نــووسینەوەی

## سبەی هەولێر ڕووبەڕووی تشـ

لە چوارچێوەی یارییەکانی هاتن-ی قۆناغی چوار گۆشەی زێرینی جامی یەکێتیی ئاسیا بۆ تۆپی پێ، ڕۆژی سێشەممە لە وڵاتی تایلاند، یانەی هەولێر و تشۆنبۆری تایلاندی دەبێتەوە، دوای ئەوەی لە یاریی یەکەمدا یانەی هەولێر توانی سەرکەوتنێکی گەورە لە یاریگەی شەهید فرەنسۆ هەریری بە دەستبهێنێت بە ئەنجامی (٤-١) گۆڵ.

### هەلی سەرکەوتنی یانەی هەولێر

لەم یارییەدا چانسی یانەی هەولێر گەورەیە بۆ سەرکەوتن بۆ یاری کۆتایی جامی یەکێتیی ئاسیا بۆ یەکەم جار لە مێژووی تۆپی پێی کوردستان و عێراق لەم پاڵەوانێتیەدا، یانەی هەولێر لەم یارییەدا سەرکەوتن بە هەر ئەنجامێك یاخود یەکسانبوون ئەوە ڕاستەوخۆ سەردەکەوێت بۆ یاری کۆتایی، هەروەها دۆڕاندن بە ئەنجامی کەمتر دوو گۆڵ بەخوارەوە یاخود بەجیاوازی دوو گۆڵ ئەوە ڕاستەوخۆ سەردەکەوێت بۆ یاری کۆتایی و هەروەها دۆڕاندن بە ئەنجامی (٤-١) گۆڵ ئەوە یارییەکە دەچێتە کاتی زیادکراو و ئەگەر یارییەکە بە جیاوازیی سێ گۆڵ بدۆڕێنێت ئەوە ڕاستەوخۆ ماڵئاوایی لە ڕکابەرییەکە دەکات.

### دەستەی ناوبژیوانی ئێرانی یارییەکە بەڕێوە دەبات

یەکێتیی تۆپی پێی ئاسیا بڕیاری دا ئەرکی بەڕێوەبردنی یارییەکەی بسپێرێتە دەستەی ناوبژیوانی ئێرانی، لەم پاڵەوانێتییەدا چەندین جار ناوبژیوانی ئێرانی یارییەکانی یانەی هەولێری بەڕێوەبردووە.



# مێژووی تۆپی پێی کوردستان و عێراقە

## ـــــۆنبوروی تایلاندی دەبێتەوە

### هیچ یاریزانێك پێكانی نییە

دوای تەواوبوونی یارییەکانی پاڵاوتن بۆ جامی جیهانی ٢٠١٢، کە تێیدا پێنج یاریزانی یانەی هەولێر پەیوەندییان بە هەڵبژاردەی عێراق کرد هەر پێنج یاریزان پەیوەندییان بە ئۆرووگای مەشـــقی یانەی هەولێر کرد لە وڵاتی مالیزیا، کە بۆ ماوەی چوار ڕۆژ ئەم ئۆردوگا مەشـــقیە لە وڵاتە ئەنجامدرا بەهـــۆی نزیکبوونی کەش و هەوای مالیزیا لە کەش وهەوای تایلاند و لە ڕۆژی ٢١ی مانگ شاندی یانەی هەولێر گەیشـــتە وڵاتی تایلاند، هیچ یاریزانێك لەم یارییەدا بێ بەش نابێت چ لە رووی پێکان یاخود وەرگرتنی کارتی زەرد. هەرچەندە یانەی هەولێر لە یاریی یەکەم ســـەرکەوتنێکی گەورەی تۆمارکـــردووە، بەڵام ســـەرکەوتنی بۆ یاری کۆتایی مســـۆگەر نەکـــردووە، بەهۆی بەهێزی تیپی بەرامبەر، بە تایبەتی لەم یارییە، چونکـــە یاریزانی پیشـــەگەری بەرازیلی لە یانەی تشـــۆنبۆری بەشـــداریی لەم یارییەدا دەکات و گۆڵگاری ئەم یانەیە و توانی لە کۆی شەش گۆڵ چوار گۆڵ بۆ تیپەکەی لەم قۆناغە تۆمار بکات و لـــە یاری ڕابردوو بەهـــۆی وەرگرتنی دوو کارتی زەرد نەیتوانی بە شـــداری بکات و هەروەها یاریزانێکی تری یانەکە بەشداری لەم یارییە دەکات.

جێگەی باســـە وا بڕیارە یارییەکە ڕۆژی سێشـــەممە کاتژمێر ٣ی ئێوارە بەڕێوەبچێت.

